
# پێرست

١- پەیام بە بۆنەی ئازاد بوونی محەممەد سدیق کەبوودوەند ........................................................ ٤
٢- تێرۆری ١٧ی جۆزەردان لە تاران و چەند سەرنجێک ........................................................ ٦
٣- پەیام بەبۆنەی کۆچی دوایی بەڕێز مام جەلال ........................................................ ٩
٤- کەلێنێکی گەورە (بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلیئەشرەفی دەرویشیان) ........................................ ١١
٥- سڵاو لە پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگە ........................................................ ١٤
٦- "ئاسۆ ڕوونە" ........................................................ ١٧
٧- چ بڵێم و چ بنووسم؟ ........................................................ ٢١
٨- هەواڵێکی لەپڕ و گورچووبڕ (بۆ مەرگی ژنە نووسەر و تێکۆشەری کورد مریەمی قازی) ..................... ٢٣
٩- پەیام بۆ ڕێوڕەسمی پرسەی ئەنوەرخانی سوڵتانیپەنا ........................................................ ٢٦
١٠- حەسرەتی لە دەستدانی جوانە مەرگێک (بۆ کۆستی کەوتووی ئەمجارە«مان هاوڕێ ئەبووبەکری ڕاد!) ........ ٢٨
١١- بۆ کار چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی ........................................................ ٣٠
١٢- قسەکان: لە کۆڕیادی ٤٠ ساڵەی میتینگەکەی١١ی ڕەشەممەی مەهاباددا ..................................... ٣٢
١٣- سوپاسنامە پاش وەرگرتنی دوکتورای فەخری ........................................................ ٤١
١٤- کورتە ڕوون کردنەوەیەک ........................................................ ٤٤
١٥- بروسکەی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٢ی جاکەلێوە ڕۆژی دامەزرانی یەکێتی لاوانی دێموکرات ...................... ٤٦
١٦- پەیام بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محەممەد ئیمامی ........................................................ ٤٨
١٧- هاوخەمی بەبۆنەی کۆچی دوایی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ........................................................ ٥١
١٨- بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر مامۆستا حەمید حاجی دەروێش ........................................................ ٥٣
١٩- نەخشی کاریگەری دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ............................ ٥٥
٢٠- بۆ کۆچی دوایی برای بەڕێزم خدر حەسەنزادە ........................................................ ٦٠



سەرچاوە
Serchawe

## بە بۆنەی ئازادبوونی محەممەد سدیق کەبوودوەند



لە کۆنەوە گوتوویانە: ماوەی زیندان هەرچەندیش درێژ بێ، بەقەد عومری دوژمن کورتە. داستانی دە ساڵ زیندانی پڕحەماسە و ئازایەتی و بەربەرەکانیی موحەممەد سدیقی کەبوودوەند جوانترین نوێنگەی ڕاستی و دروستیی ئەو قسە حەکیمانەیەیە کە بەداخەوە هەرنەبێ ئەمن نازانم یەکەم جار کێ کردوویەتی.

ڕووداوەکانی دە ساڵ زیندانی کەبوودوەند دوو دیمەنی پڕمانا و جێگای لێفێربوونمان پێشان دەدەن: یەکیان ورەی بەرز و باوەڕی پتەوی زیندانییەک بەو ئاوات و ئامانجانە کە لە پێناویاندا کەوتۆتە بەندیخانە و ئەوی دیکەیان ڕقی کۆنەپەرستانە و بێگانەیی ڕێژیمێک دەگەڵ هەموو مانا و چەمکەکانی ئازادی و دادپەروەری و هەرچی بایەخی ئینسانی و شارستانییە.

لایەک دە ساڵ خۆڕاگری و سەردانەنواندن سەرباری ئازاری کەموێنەی جەستەیی و گیانی، دەستەویەخەبوون دەگەڵ چەند جۆر نەخۆشیی تاقەتپڕووکێن، دوو جار مانگرتنی درێژخایەن لە خواردن، دوو جار ڕاوەستانی دڵ، جارێک سەکتەی مێشک، چەند ساڵ بێبەشی نەکهەر لە سەردانی کەسوکار، بەڵکوو لە دەرمانی جگەرگۆشەیەکیش کە دێوەزمەی مەرگ و مەترسیی جوانەمەرگبوون هەڕەشەی لێدەکرد.

لای دیکە سەررەقی و کەللەشەقیی کاربەدەستانی ڕێژیمی دژئینسانیی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەو هەموو داخواز و بانگەوازە کە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کەبوودوەنددا لە لایەن کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستە نێوخۆیی و نێونەتەوەیییەکانەوە بەرەوڕووی کرانەوە. بێئابڕوویی و قین لەزگیی دوژمنانی ئازادی و زیندانەوانە زبوونەکانی

بەشی: دووهەم

کەبوودوەند گەیشتە جێگایەک کە دوای تەواوبوونی ماوەی حوکمەکەشی بیانووی درەنگهاتنەوە لە تەنیا مەرەخەسیی دە ساڵ بەندکرانیان پێگرت و سێ ڕۆژ زیاتر لە بەندی بێدادیدا ڕایانگرت.

سەرەنجام "زستان ڕۆیی و ڕووڕەشی بۆ خەڵووز مایەوە". سوپاس بۆ خوا کە بەرچاوتەنگی و کەللەشەقی نەیانهێشت بە گوێڕاگرتن بۆ بانگەوازی کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان کەمترین ئیعتیبار و ئابڕوو بۆ کۆنەپەرستان بگەڕێتەوە و زیندانییە سەربەرزەکەمان بێ منەتی بەخشرانی تەنیا یەک ڕۆژ زیندانی بە سەربەرزی میلەکانی زیندانی بەجێ هێشت.

بەڵێ، ماوەی دەساڵ زیندان هەرچەند دووردرێژ و زاڵمانەش بوو سەرەنجام بەسەربەرزیی سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، یان وەک بەحەق ناوی لێنرا بوو(باوکی مافی مرۆڤی کوردستان) و ریسوایی هەرچی زیاتری ڕێژیمی ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی لە نێو کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکاندا تەواو بوو. گەڕانەوەی کەبوودوەند بۆ باوەشی بنەماڵەکەی لەژێر گوشاری کاربەدەستاندا چەندی بڵێی سادە و ساکار و بێتەشریفات بوو، بەڵام ئەگەر بەچاوی دڵ لێی بڕوانین گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی قارەمانێکی گەل بوو کە هەڵیدەگرت بە دەیان و سەدانهەزار هاونیشتمانی ئەمەگناس لە پێشوازیدا بن.

بەدڵنیاییەوە دەڵێم مافی مرۆڤی کوردستان بە بوونی پارێزەرانی وەک کەبوودوەند و کەبوودوەندەکان قەت ناتوانێ بۆ هەمیشە پێشێل بکرێ و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک کە ئەوجۆرە قارەمانانە پێشەنگی بن هەر دەبێ بگاتە دواقۆناغی سەرکەوتن.

سەدان سڵاو و هەزاران ئافەرین بۆ ئەفسانەی ئازایی و ئەویندارى ئازادی، موحەممەد سدیقی کەبوودوەند.


سەرمەشقی خۆڕاگری و نەبەزی! گەڕانەوەی سەرکەوتووانەت پیرۆز بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## تیرۆری ١٧ی جۆزەردان لە تاران و چەند سەرنجێک



ڕۆژی چوارشەممە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٧ی ژوئەنی ٢٠١٧ی زایینی دوو کردەوەی تیرۆریستی لەتاران، یەکیان لە باڵەخانەی مەجلیس و یەکیان لە مەزارگەی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕوویان دا. بەپێی دوایین ئامارەکان لەو دوو کردەوە دژی ئینسانییەدا بێجگە لە تیرۆریستەکان ١٧هاونیشمانمان بوونە قوربانی و ٤٨ کەسی دیکەش بریندار بوون.

بەرلەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی (داعش) بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتە وەئەستۆ بگرێ چاوەدێرانی سیاسی بۆچوونی جۆراوجۆریان لەسەر دەربڕی. بەتایبەتی پێش ڕاگەیاندنی ئاکامەکان و ئاماری قوربانی یەکان، هێندێ کەس ئەویان بە سیناریۆ یان بە ململانەی نێوان قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا زانی، بەشێکی دیکە ئەوکارەیان دایە پاڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک کە زۆر زوو بێ¬ئاگایی خۆی لەوکارەساتە دەربڕی، هێندێک بەکاری توندڕەوە ئیسلامی-یەکانی سەر بە مەزهەبی سوننی یان زانی و کاربەدەست و دەمڕاستەکانی ڕێژیمش وەک هەمیشە قامکیان بۆ لای عامیلی دەرەکی ڕاکێشا و ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی یان تۆمەتبار کرد.

لەپێشەوە پێم  خۆشە بڵێم خۆم و هاوسەنگەرەکانم لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان  دا و لەوەش زیاتر هەموو تێکۆشەرانی بەرپرس و وشیاری ڕێگای ڕزگاری لە کوردستان لە کۆنەوە تیرۆریزممان لە هەموو شکڵ و شێوەیەک دا، هەرکاتێک و لەهەرکوێ، بەدەستی هەر کەسێک و بەدژی هەرکەس، بەکردەوەیەکی نائەخلاقی و دژی ئینسانی زانیوە



سەرچاوە
Serchawe

بەشی: دووهەم

و مەحکوومـمـان کـردوە. بـۆیە کـردەوە تیرۆریستی  یەکـانی ڕۆژی ١٧ی جـۆزەردانی تـارانیش هەروەک ئەو کـردەوە تیرۆریستی یانە کە کۆماری ئیسلامی بەدژی خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی بەڕێوەی بردوون مەحکووم دەکەین.

جێگای سەرنج ئەوەیە دەزگا ئەمنیەتی یەکانی ڕێژیم کە لە یەکێک لە حەساسترین ناوەندەکا دا گۆڵێکی وا گەورەیان لێ کراوە، ئێستا بۆ قەرەبووکردنەوەی بێ کیفایەتیی خۆیـان کەوتـوونەتە چاووڕاو و وا نیشـان دەدەن کە لەکۆنەوە عـامیلانی ئەو جینایەتەیـان ناسیوە و بەتەواوی دەگەڵ کارنـامە و ڕابـردووی ئەوان ئاشـنان. ئێسـتا بەو هەمـوو "زانیـاری"! یەوە کە بوویـانە چۆنە هێشتوویانە دەستی تیرۆر بگـاتە ئەو شوێنە حەساسانە؟ هیچ خۆیـان ناچـار بە وەڵامدانەوە نازانن.

لەمانە گرنگتر، هەروەک لە دەورانی خومەینی دا شەڕی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێڕاقیان بە نیعمەتی خوا زانی و بەبیـانووی شـەڕەوە هەرچـی تـاوان و جینـایەت بـوو دەرهەقـی جودابیرانیـان کـرد، ئێسـتاش ئەو ڕووداوە (حەقیقەتەکەی هەرچی بێ) بۆوان بۆتە دەرفەتێکی تەڵایی. فەزای هەمیشە ئەمنیەتیی ئێرانیـان هێنـدەی دیکە ئەمنیەتی کردوە و بەپێی سەرچاوەکان هەرئێستا خەڵکێکی زۆریـان بە تـۆمەتی "هاودەستی" دەگەڵ تیرۆریستەکان خستۆتە سیاچاڵەکانەوە. قسەی کاربەدەستان (هەرکامیـان دێـتە گـۆ) بـۆنی خـوێنی لـێ دێ و بەئاشکرا لێـی دەخوێندرێتەوە کە بەرنامەی سەرکوتێکی بەربەرینیان بەدەستەوەیە.

تەنـانەت "ڕێـبەری نیـزام"یـش کەمـی نەهێنـا و ڕوو بە خوێنـدکارانی زانسـتگە بەڕاشـکاوی فەرمـانی سـەرکوتی سەرەڕۆیانەی جودابیرانی دەرکرد. خامەنەیی داوا لە خوێندکاران ناکا ئەگەر کاربەدەستان کـاری ناڕەوایـان کرد یـان ئەرکی خۆیان بەجێ نەگەیاند، لێیـان وەدەنگ بێن، بەڵکوو دەڵـێ ئەگەر ئەوانیش فەرمانیـان پـێ نەدان بۆخۆتـان دەسبەکار بن و ئەوەی گومانی دژبەریی ڕێژیمی لێ بکرێ سەرکوتی بکەن.

مەسـەلەیەکی گرنـگ و جێگـای تێڕامـان ئەوەیە کە ڕێژیمـی ئیسلامی دەیەوێ کـردەوەی دژی ئینسـانیی تیـرۆری ١٧ی جۆزەردانیش بکـاتە بیـانوویەک بـۆ سـەرکوتی زیـاتری کـورد و داخـوازە ڕەواکـانی. لەمێژسـاڵە دەسـەڵاتی فەرمـانڕەوا ئەوپیلانەی بەدەستەوەیە کە سروشتێکی شەڕی فیرقەیی بەسـەر بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتیی خەڵکی کوردستان دا بسەپێنێ، بەڵام ئەو پیلانە هەمیشە بەسیاسـەتی دروست و وشیاریی هێزە سیاسی یەکـانی کورد بەتـایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پووچەڵ کراوەتەوە و بەرپەرچ دراوەتەوە.

بەشی: دووهەم

ئێستا کە بەداخەوە دەرکەوتوە بەڕێوەبەرانی کردەوەی تیرۆریستیی ١٧ی جۆزەردان کوردن و خەڵکی ناوچەیەکی سوننی نشینی کوردستانن، ڕێژیم و بەرنامەڕێژەکانی هەوڵ دەدەن لەو ڕووداوە دژی ئەخلاقی یە بەقازانجی پیلانە لەمێژینەکەیان کەلک وەربگرن و ناکۆکی یەکی قووڵ بخەنە نێوان پەیڕەوانی هەردوو مەههبی تەسەننون و تەشەییوع. ئەوان لەو ڕێگایەوە هەم دەیانەوێ ڕێزی یەکگرتووی کوردەکان تێک بدەن و هەم هەول دەدەن هەستی دوژمنایەتی لە شیعەمەزهەبە غەیرە کوردەکان دا بەرامبەر بە کورد نێڵ بدەن. بزووتنەوەی میللی دێموکڕاتی کورد لە ئێران هیچ وەخت تێکەڵ بە ململانەی فیرقەیی نەبووە و ئازادیخوازانی وشیاری کوردستان هەمیشە ئاگاداری ئەو ڕاستی یە بوون کە نەک - هەر ئامانجەکانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەدژی یەکترنین، بەڵکوو هەر کوردەکە خۆی تێکەڵێکە لە پەیڕەوانی هەردوو مەزهەبی تەسەننون و تەشەییوع و ئایین و مەزهەبەکانی دیکە.

بەوپێیە دڵنیاین کە تێکۆشەرانی کورد ئەمجارەش ناکەونە داوی پیلانی تازەی ڕێژیم و برایەتی و هاوسەنگەریی خۆیان و هەموو هاونیشتمانەکانیان وەک گلێنەی چاو دەپارێزن. لە دوا مانگەکانی دەسەڵاتی پاشایەتییش دا بەکرێگیراوانی دەربار ئەو هەوڵە ناموبارەکەیان دا، بەڵام هەمووان بەم دروشمە وەڵامیان دایەوە کە: "شیعە سنی نداریم از پهلوی بیزاریم". ئێستا ڕێبوارانی ڕێی ئازادی چی لە جێگای "پهلوی"یەکە دادەنێن؟ بۆخۆیان سەرپشکن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی جووونی ٢٠١٧

## کەلێنێکی گەورە



(بەبۆنەی کۆچی دوایی عەلیئەشرەفی دەرویشیان)

جاروبار بنیادەم هەقیەتی گلەیی لە ڕۆژگار و ئاسمان بکا و ساڵێک لە ساڵان بە ساڵی نەهامەتی بژمێرێ. ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی (٢٠١٧ی زایینی) بۆ ئێمەی کورد یەکێک لە ساڵە بەرلۆمەکانە. ئەو هەموو غەدر و ناهەقییەی لەم ساڵەدا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە لە کورد کرا و ئەو شەڕ و مەرگ وماڵوێرانییە کە بەسەریدا سەپا بەس نەبوو، مەرگی هەڵکەوتە و دەستەبژێرەکانیشی لێبوو بە سەربار. ئاسان نیە هەموو ئەو خەسارە ئینسانییانە کە لەم ساڵەدا لە کورد کەوتوون لە کاتێکی پڕکەسەری وەک ئێستادا وەبیر بێنەوە. بەڵام هەر بۆ نموونە دەڵێین ئەمساڵ لەنێو ڕێبەران و بیرمەندانی دنیای سیاسەتدا ئێمە لە غەمی لەدەستدانی دەستەبژێرانی وەک نەوشیروان مستەفا، ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان؛ عەزیز محەممەد، کەسایەتیی گەورەی سیاسی و سکرتێری پێشووی حیزبی شیووعیی عێراق و مام جەلال، سەرکۆماری پێشووی عێراق و سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا دانیشتین. دوایەش نۆرە گەیشتە گەورەگەورەکانی دنیای ئەدەب و لەوەشدا دوێنێ کەریم زەند، ئەدیب وگەڕیدە و مێژووناسی ناسراو و ئەمڕۆ گەورە نووسەر و توێژەری بەتوانای ئەدەبی، عەلیئەشرەفی دەرویشیانمان لەدەست چوو.

عەلیئەشرەفی دەرویشیان گەورەنووسەری کوردی کرماشانی بۆ ئۆگرانی ئەدەب و زمان و کەلتووری کوردی لەوە ناسراوترە پێویستیی بە ناساندن هەبێ و لەوەش زۆر گەورەترە لە وتارێکی کورتی قەڵەمێکی کولدا هەقی خۆی

بدرێتێ. ئەوەی لێرەدا دەنووسرێ تەنیا هەڵڕشتنی دڵۆپێک لە دەریای کەسەری لەدەستدانی ئەو و باس لە پەراوێزی توانا ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەو بلیمەتەیە. هەوڵ بۆ دەرخستنی قووڵایی ئەدەبی و سیاسیی دەرویشیان کاری توێژەر و لێکۆڵەرێکی وەک خۆیەتی کە لە بەرهەمێکی سەدان لاپەڕیدا (ئەگەر نەڵێم هەزاران لاپەڕی) هەقی خۆی بداتێ.

عەلیئەشرەف لەدایکبووی کرماشان و پێگەیشتووی ئەو گەورەشارەی کوردستانە. دەگەڵ ئەوەی وەک هەموو ڕۆڵەکوردێکی ئەو سەردەمە و تەنانەت ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستانیش لەمافی خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش بووە، بەداخەوە بۆی نەڕەخساوە ببێتە نووسەرێکی کوردی کوردینووس. بۆیە بەرهەمەکانی لەباری فۆڕمەوە بەشێکن لە ئەدەبی فارسی و چبەشێکیش! بەڵام لەبواری نێوەرۆکدا لە هەربارێکەوە لێیان بڕوانی لە خزمەتی زمانی کوردی، مێژووی کورد، خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد و خەباتی مافخوازانەی چینە چەوساوەکانی کۆمەڵی کوردەواریدان. ئەو لە ناساندنی کەلەپووری ئەدەبیی کوردیدا بە کۆکردنەوەی پەند و مەتەڵ و ئەفسانە کوردییەکان بەڕاستی ڕەنجی فەرهادی کێشاوە و کوردی وەک نەتەوەیەکی خاوەنزمان و ئەدەب و حیکمەت و مێژوو بە جیهانییان نیشان داوە.

بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێک وەک مامۆستای قوتابخانە لە گوند و لەنێو چەوساوەترین چینەکانی کۆمەڵ خزمەتی کردوە و دەگەڵ غەم و ئێشوئازاری خەڵکی بێبەشی لادێ ژیاوە، لە بەرهەمە بەهێز و بەپێزەکانیدا توانیویەتی پانۆڕامایەک لە ژیانی پڕمەینەتیی چەوساوەکان بەتایبەتی گوندنشینە هەژار و بێدەرەتانەکان بخاتە بەر چاوی خوێنەران و ئۆگرانی نووسینەکانی خۆی. جگە لەمانە ئەندامەتی یان لایەنگری لە حیزبی توودەی ئەو سەردەمەدا کە بە حیزبی چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵی ئێران دەژمێردرا ئەوی بۆ هەمیشە کردە نووسەرێکی چەپ و زمانحاڵی چەوساوانی دەستی سەرمایەداری و فیئۆدالیزم و ڕێژیمی پاشایەتی، نوێنەری بەرهەقی جیهانخۆران لە ئێراندا. خوێندنەوەی ڕۆمانی چواربەرگی و هەزاران لاپەڕیی (سالهای ابری) «هەورە ساڵەکان» کە بەجۆرێکی شیرین و دڵگیر مێژووی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران لەو ڕۆژگارەدا دەگێڕێتەوە، ئەم ڕاستییە بە جوانی نیشان دەدا.

بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی عەلیئەشرەفی دەرویشیانیش مرۆڤ کەموزۆر دەتوانێ پەی بە گەورەیی و توانا و زانایی ئەو ئینسانە بەرێ. بەڵام ئەوکاتە دەتوانی بزانی عەلیئەشرەفی دەرویشیان کێیە کە بەخت یارت بووبێ لە نیزیکەوە لەگەڵی ئاشنا بی (خۆزگەم بەو کەسانە کە بۆیان ڕەخساوە زۆرتری ببینن و بدوێنن). نووسەری ئەم دێڕانە تەنیا

بەشی: دووهەم

سێ جار (جارێک لە باشووری کوردستان و دووجار لە ئورووپا) شانسی ئەوەی هەبووە لە نزیکەوە بیدوێنێ، ئەویش هەر جارە بۆ سێچوار سەعات و دواجاریشیان دوای تووشبوونی بەو نەخۆشییە کە بەداخەوە سەرەنجام بەچۆکیدا هێنا. بەهەق ئەم چەند سەعاتە بۆ من دەرفەتی تەمەن بوون و تا ماوم لەبیریان ناکەم، چونکە تەنیا لەو دەرفەتانەدا بوو کە بنیادەم دەیتوانی بزانێ ئەو پیاوە چدەریایەکە لە زانست و ئاگایی و مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی.

ڕەنگە هەر نەبێ بەشێک لە ڕووناکبیرانی کورد بزانن کە ئەمن کۆمەڵە چیرۆکی (از این ولایت)ی مامۆستام لەژێر ناوی «هەتاو»دا کردە کوردی و چاپ و بڵاوم کردەوە. یەکێک لە خۆشییەکانی ژیانم بوو کە هەم بە نووسین هەم لەکاتی دیدارماندا ئەم وەرگێڕانەی پەسند کرد. لە دوادیدارماندا ئەو پێشنیاری کرد و بۆخۆشم دەمێک بوو حەزم دەکرد ڕۆمانی (سالهای ابری)یش بکەمە کوردی. بەڵام گیروگرفتی من ئەوە بوو کە پەند و مەتەڵ و گۆرانییە کوردییەکانی نێو ئەو ڕۆمانەی کردبوونە فارسی و ئەمنیش نەمدەویست لە فارسییەوە بیانکەمەوە کوردی چونکە پێم وابوو ڕەسەنایەتییەکەیان دەچێ. بۆیە داوام لێکرد کە بە هاوکاریی شاناز خانمی هاوسەری هەموو دەقە کوردییەکانم بە ژمارەی لاپەڕەوە بۆ بنێرێ تا وەرگێڕانەکەم بەکەڵک و بێئیراد بێ. هەرچەند پێشنیارەکەمی پەسند کرد بەڵام بەداخەوە پێموایە بەهۆی نەخۆشی و گرفتارییەوە نەیانتوانی بۆم بنێرن و ئەمنیش ئەو دەرفەتەم لەدەست چوو.

بە هەموو پێوانەیەک لەدەستچوونی عەلیئەشرەفی دەرویشیان بۆ زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی خەسارێکی گەورەیە و کەلێنێکی بەجێ هێشتوە کە پڕکردنەوەی وەختێکی درێژ دەخایەنێ. بەوبۆنەیەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لەبنەماڵە بەڕێزەکەی بەتایبەتی شانازخانمی هاوسەری و کاکە بێهڕەنگی کوڕی دەکەم و لەوەش زیاتر سەرەخۆشی لە کۆڕی ئەدیبان و ئەدەبدۆستان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان دەکەم. دڵنیام ناو و یادی ئەو گەورە نووسەرە بۆ هەمیشە لە کاناڵی بەرهەمە ناوازەکانیەوە لە دڵی دڵسۆزانی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردیدا دەمێنێتەوە.

ڕووحی مامۆستای نەمر شاد و تەمەنی ئازیزانی درێژ، ڕێگاکەی ڕێگای ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی کەلەپووری نەتەوەیی کورد بەردەوام بێ و سەبووری بۆ هەمووان.

(لە ژمارەی ٧١٣ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## "ئاسۆ ڕوونە"



لە بەرەبەری نوێبوونەوەی ساڵی زایینیدا ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بەتایبەتی شارە گەورەکان جموجۆڵێکی تازەی بەربەرین و هیوابەخشیان تێکەوتوە. لێیدەخوێندرێتەوە کە دەورانی تاریکی نائومێدیی خەڵکی ئێران و تەمەنی بێدەنگیی کۆمەڵانی ئەو خەڵکە دەگەڵ دواڕۆژەکانی ساڵی ٢٠١٧ی زایینی کۆتایی دێ و سەردەمێکی نوێ لە بزووتنەوەی بەرەنگاری و مافخوازی لەم وڵاتەدا دەست پێدەکا.

**بزووتنەوەی ناڕەزایی لەم قۆناغەدا هێندێ تایبەتمەندیی پێوە دیارن کە هەم پێویستە ببینرێن و هەم جێگای دڵخۆشین و هەرلەوکاتەشدا دەبێ بپارێزرێن و بەهێزتر بکرێن. لەوانە:**

١- ڕاپەڕینی ئەمجارە تایبەتی چین و توێژ و نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکی تایبەت نیە و لە شار و مەڵبندێکی بەرتەسکیشدا قەتیس نەماوە. هەمووی تێدا بەشدارن و هەمووان بە هی خۆیانی دەزانن.

٢- خەڵکی ڕاپەڕیو بەسەر تاقم و قۆڵ و گرووپەکانی نێو دەسەڵاتدا دابەش نەبوون و ڕووی قسەیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدایە. تەنانەت هێندێ تێبینی و خۆپارێزیی جارانیشیان وەلا ناوە و ڕاستەوخۆ نیشانە لە سەری مارەکە دەگرن.

٣- تائێرە (هیوادارم هەرواش بڕواتە پێش) لەسەریەک بزووتنەوەیەکی هێمنانە و شارستانیانەیە و بیانووی سەرکوتی خوێناویی (کە ئامانج و خەسڵەتی کۆماری ئیسلامییە) نەداوەتە دەستی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم.

٤- هەرچەند دیارنەبوونی ڕێبەرایەتییەکی یەکدەست کە بتوانێ خەت بدا و بەرنامەی سەرتاسەری دابڕێژێ، بە کەمایەسیی بزووتنەوەکە دەزانم، بەڵام ئەوەی باشە کە سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ئۆپۆزیسیۆنی "ناقانوونی" نیە و پەو پێیە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا نەکەهەر ناتوانێ تۆمەتی بەستراوەبوون بە وڵاتانی دەرەوەی لێبدا، بەڵکوو بۆی دژوارە تۆمەتی پیلانی "دژە شۆرشیش!"ی بداتە پاڵ.

لێرەدا ئەو ڕوونکردنەوەیە بە پێویست دەزانم کە بەباوەڕی من هەموو هێزە ڕەسەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەرکام بەقەدەر توانای خۆیان بەشیان بەم بزووتنەوەیەوە هەیە و لایەنگرانی هەمووانی تێدا بەشدارن، بەڵام ئیددیعای خاوەنداریەتیی بزووتنەوەکە لەلایەن هەر هێزێکەوە بکرێ هەم نادروستە و هەم پتر لە قازانج زیانی پێدەگەیەنێ.

٥- لە یەک وشەدا ئەم ڕاپەڕینە تەقینەوەی ڕق و قینی کەڵەکەبووی دەیان ساڵەی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران بەڕووی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیدایە و (ئەگەر بەلاڕێدا نەبرێ) لێشی چاوەڕوان دەکرێ تا وەدەستهێنانی ئامانجە ڕەواکانی بەردەوام بێ.

## پەیامی ئەم بزووتنەوەیە

ئەگەر لەخۆمانی نەگۆڕین هەڵگیرسانی بڵێسەی ڕاپەڕینێکی بەربەرینی لەم چەشنە، نەکەهەر نیشانەی نائومێدبوونێکی بەرهەق لە ئاڵوگۆڕی نێو دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و ڕەوینەوەی گومانی گاریگەربوونی هێندێک جیاوازیی بۆچوونی قۆڵەکانی نێو دەسەڵاتە، بەڵکوو بەجۆرێک لە جۆران بەرهەمی هیوابڕان لە هەنگاوی کاریگەری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشە. ئەمە هەرچەند بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی هەقیقەتێکی تاڵ بێ، هەقوایە هەموویان بەو ڕاپەڕینە خۆشحاڵ بن، پێشوازیی لێبکەن و ئەوەندەی لەدەستیان دێ لە گەیاندنی هەواڵ و پەیامەکانی بە دنیای دەرەوەدا تێبکۆشن.

شتێکی دیکەش کە جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە وادیارە خەڵکی ئێران لەدەست خەیاڵی بەتاڵی گۆڕانی ڕێژیم بەهۆی هێرشی دەرەکییەوە ڕزگار بوون و تێگەیشتوون کە "تێگوشینی بە هیوای جیرانی وشکە"، وڵات هەر بە دەستی وڵاتپارێزان ڕزگار دەبێ و بێگانە ئەگەریش کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بۆخۆی دەڕووخێنێ نەک بۆ ئێمە. بەخۆشی-یەوە ئێستا ڕەنگە هیچ ئێرانییەک ئیدی چاوەڕوان نەبێ و ئارەزووش نەکا ئەوەی بەسەر عێراق و ئەفغانستانی

دراوسێمان هات بەسەر وڵاتی ئێمەش بێ.

## ئەدی لە کوردستان؟

هەتا نووسینی ئەم دێڕانە (١٠ - ٩ - ١٣٩٦ = ٣١ - ١٢ - ٢٠١٧) کرماشانی لێدەرکەین لە شارەکانی کوردستان جموجۆڵێکی بەرچاو نەبینراوە. بەڵام ئەمە قەت ئەوە ناگەیەنێ کە خەڵکی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی ئێران بەجێ دەمێنن. ئەزموونی ڕاپەڕینی ١٣٥٧ و ساڵانی بێدەنگیی دواتر پێمان دەڵێ کە کوردستان هەروا یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایە و وەک دەڵێن ئەمەی ئیستا "ئارامیی پێش گەردەلوولە".

ئەوە کە تائێرە کوردستان بێدەنگ دیتە بەرچاو - هەرچەند زۆر هەقی داوەری بەخۆم نادەم- ڕەنگە لەبەر دوو شت بێ، یەکیان ئەوە کە ڕاپەڕینەکە تائێستا پتر لە شارە گەورەکانە و کوردستانەکەشمان شاری گەورەی کەم لێن. دووەمیش ئەوەیە کە ڕێژیم لە خەڵکی کوردستان لەبیانوویە و زووتر دەست دەداتە سەرکوتی درندانە و هەر لەوکاتەدا بەهۆی نفووز و حزووری زیاتری هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دانەپاڵی تۆمەتی هاندانی ئەوان بۆ بەکرێگیراوان ئاسانترە. ئەگینا هەر ئێستا ڕێژیم کە ئاگاداری ئەو ڕاستییەیە، بەکردەوە شارەکانی کوردستانی میلیتاریزە کردوە.

کەوایە نابێ نیگەرانی دواکەوتنی کوردستان بین. بەڵام ئەوەی گرنگە و جێی تێرامان و تەنانەت نیگەرانییەکی ڕەوایە، پەرشوبڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد وەک هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە. ئاواتەخوازم هەرنەبێ ئەمجارە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پەیامی گەلی خۆیان وەرگرن و بە تەڕدەستی لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پتەو و ئوسوولی ڕێک بکەون. چونکە ئەگەر وانەبێ بەڕاستی ئەوان وەدوا دەکەون.

نەکهەر بۆکاتی ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو کە ئاواتی هەمووانە بەڵکوو بۆئێستاش و بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکانیش کارەساتێکی گەورەیە کە هێزە کوردستانییەکان هەرکامە بۆخۆی و بە سەلیقەی خۆی - بە ئاشکرا یان نهێنی-ڕوو بکاتە خەڵکی ڕاپەڕیو و بیهەوێ "خەت"یان پێبدا و بەوجۆرە بێئەوەی بیهەوێ ڕیزی خەڵکی ڕاپەڕیو لێک بترازێنێ. ئێستا وەختی ئەوەیە هەموو لایەک قسەی خۆیان بکەن بە یەک و هەرکام لەبەر خۆیەوە بۆ ئەو بەرنامەیە هەوڵ بدەن کە لەسەری ڕێک دەکەون.

پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە ڕاوەستان لەسەر ئەوەش کە دێموکڕاتەکان و کۆمەڵەکان یەک بگرنەوە زیان بە ئامانجە پیرۆزەکە دەگەیەنێ. یەکگرتنەوەی ئەو هێزانە نە پار و پێرار زوو بوو، نە ساڵێک و دوو ساڵی دیکە درەنگە. واتە هەرکاتێک ئەمانە وەسەر یەک کەونەوە دەسکەوتە، بەڵام دروست نیە ئەرکە فەوریەکە لەسەر ئەوە ڕابگرین، یان یەکگرتنەوەکە سەقەت بکەین. هاوکاری لە هاوپەیمانیەکی خەباتگێڕانەدا نەکهەر نابێتە کۆسپی وەسەریەک-کەوتنەوەی بنەماڵە لێکدابڕاوەکان، بەڵکوو زەمینەی باشتر بۆ پێکگەیشتنەوەیان دەڕەخسێنێ.

دەی دەست لە دەست و قەوەت لەخوا. با هەموو لا هەست بە گرنگیی هەلومەرجەکە و ئەرکی سەر شانیان بکەن. بۆ ئەم کارە ئەگەر ئەمڕۆ فریا نەکەوین سبەینێ درەنگ دەبێ.

لە کۆتاییدا بە دەرفەتی دەزانم بە بۆنەی ساڵی نوێ، ساڵی ٢٠١٨ی زایینی بە دڵەوە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی جیهان بەتایبەتی پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی بکەم و بۆ هەمووان ساڵێکی پڕخێروخۆشی و ئاشتی و تەبایی بەئاوات بخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## چ بڵێم و چ بنووسم؟



ئەگەر نەبووایە بێ ئەدەبی و سپڵەیی و بێمەعریفەتی بۆ من باشتر و ئاسانتر بوو تەنیا سەری کڕنۆش دانوێنم و بێدەنگ دانیشم. بەڕاستی هەست بە داماوی و بێتوانایی دەکەم بۆ وەڵامدانەوە بەو هەموو گەورەیی و سەروەرییە کە لە دووسێ ڕۆژی ڕابردوودا دەرهەقم کراوە. بەبۆنەی هەشتایەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونمەوە - کە تەنیا هونەری منی ئەوەندە تێدایە بەرگەی ئەو هەموو مەینەتییەی ژیانی کوردەواری بگرم و بمێنم بۆ دیتنی خۆشی و ناخۆشی و ئێش وئازاری زیاتر - سەروەرانێکی زۆر بە سەردان، بەتەلەفون یان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەسەریان کردوومەوە و بارانی لوتف و گەورەیی خۆیان بەسەرمدا باراندوە.

ئەوی ڕاست بێ ئەو ڕێزلێنانە ئەوەندەی مایەی خۆشحاڵی و شانازییە، ئەوەندە و زیاتریش هۆکارێکە بۆ هەستکردن بە منەتباری و قەرزداری و تەنانەت هەست بە گوناحباریکردن. ئاخر ئەوەی مەمانان کردوومانە لەچاو ئەوەی نەمرەکانمان بەخشیویانە هەر بەشی بەخۆداشکانەوە دەکا. هەر دوو مانگ لەمەوبەر بوو کە پۆلێک لە باشترین هاوسەنگەرەکانمان بە سەخاوەتەوە گیانیان لە ڕێی ئامانجیاندا بەخشی. ڕێزگرتن و پاداشدانەوە شیاوی ئەوانە و بۆ مەمانان شانازییە کە بەرماوخۆری سفرەی کەرەمی ئەوان بین. بەشبەحاڵی خۆم ئەگەر ئەو شانازییەم هەبێ خۆڵی سەر گڵکۆکەی ئەوان بم، بۆخۆمی بە بەختەوەرییەکی گەورە دەزانم. بریا کرابا ئەمن لەجێی وان بمرم و ئەوان غەمی لەدەستدانی من بخۆن. بەڵام مخابن کە "داری بریایان بۆ کەس بەری نەگرتوە".

ئەمە یەکێک لە دەگمەن حاڵەتەکانە کە هەست دەکەم تەمەنی درێژ هەمووی هەر دەردوژان و دیتنی مەرگی ئازیزان و

بەشی: دووهەم

جەوری زەمان و زوڵمی زاڵمان نیە و دەلاقەیەکیشی بە ڕووی خۆشی و سەروەری-دا لێ دەکرێتەوە. بریا توانیبام یەکبەیەک سەری هەمووان بدەم و لە نزیکەوە سوپاسیان بکەم یان هەرنەبێ بە نووسین وەڵامی تەک - تەکیان بدەمەوە. بەڵام بەشانازییەوە ژمارەکە ئەوەندە زۆرە کە هیچکامیانم بۆ نارەخسێ. بۆیە ناچارم -بە داوای لێبووردنەوە - بەڕێگای ئەم کورتە نووسینەدا ئەمەگناسی و سوپاسگوزاریی خۆمیان پێشکێش بکەم.

بەدڵەوە ئارەزوومە شیاوی ئەو هەمووە لوتف و گەورەیی‌یە بم و لەوەش زیاتر ئارەزوومە تەمەنی تەواوی ئەو ئازیزانە درێژ و دوور لە ئازار بێت و بتوانن ئەو ئەرکە پیرۆزانە کە من و هاودەورەکانم بە ناتەواوی بۆ ئەوانیان بەجێ دێڵین بەجێ بگەیەنن و ڕۆژێک لەسەر گڵکۆکانمان مژدەی سەرکەوتنمان پێبدەن. سەربەرزی بۆ ئەوان و سەرکەوتن بۆ خەباتەکەمان و ئاشتی و ئازادی و ئاوەدانی بۆ کوردستان.

عەبدوڵڵا حەسەن زادە

١٦ی نۆڤەمبری ٢٠١٨، ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

## هەواڵێکی لەپڕ و گورچووبڕ



(بۆ مەرگی ژنە نووسەر و تێکۆشەری کورد مریەمی قازی)

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ بەرامبەری ٥ی نۆڤامبری ٢٠١٨ بە عادەتی ڕۆژانە ئینتەرنێتم کردەوە و چاوێکم بە هەواڵ و ڕوداوەکاندا گێڕا. هێشتا پێنج دەقیقە تێنەپەڕیبوو بەرەورووی خەبەرێکی بەڕاستی دڵتەزێن بوومەوە کە ئیدی نەمتوانی درێژە بدەم و لاپتاپەکەمم وێک نا. دوکتۆر سەعدی قازی لە مەتنێکی کورتی هەشت نۆ دە خەتیدا بە زمانێکی ئەدەبی و پڕهەست کە دەکرێ بڵێم زووخاوی ژان و خەفەتی لێ دەچۆڕا هەواڵی مەرگی ژنە نووسەر و تێکۆشەری کورد و خوشکی خۆی مریەم خانمی قازیی ڕاگەیاندبوو، بێ ئەوەش کە ئاماژەیەک بە پێوەندیی خوشک وبرایەتیی خۆیان بکا. ناڵێم باوەڕم نەکرد، بەڵام بەڕاستی نەمدەویست قبووڵ بکەم کە دێوەزمەی مەرگ جارێکی دیکە شاڵاوی هێناوە و خەسارێکی وا قورسی لە بنەماڵەی قازی، لە کۆڕی ئەدیبان و قەڵەمبەدەستان، لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و بەگشتی لە خەڵکی شارە جوانیپەروەر و قارەمانپەروەرکەی مەهاباد و گەلی کورد داوە.

مریەم خانمی جوانەمەرگ کچی بەڕێز کاک مستەفای قازی و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە ناودار و بەبەهرەکەی قازی کەریم بوو کە "گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە" ئەدەب و هونەر و جوانی و شۆرشگێری و ئازایەتی لە هەناویدا مۆنجی دەدا. ئەوانەی بەرهەمی فکر و قەڵەمی مریەمی قازی یان دیوە و خوێندۆتەوە دەزانن کە ئەو خانمە

بەشی: دووهەم

بەرێزە چ - بەهرەیەکی بەرفرەوانی لە بواری ئەدەبی کوردیدا پێ بڕابوو، و ئەوانەش کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەگەڵی بوون شاهیدی دەدەن کە خاوەنی چ - هەستێکی ئاگرینی نەتەوەپەرستی و چ غیرەت و ئازایەتییەکی کوردانە بوو.

دوژمنانی ئازادی لە دامودەزگای کۆماری ئیسلامیدا زۆریان هەوڵ دا مریەمی قازی بێدەنگ بکەن و نەهێڵن بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی خۆی لەنێو کیژۆلاوانی کورددا بڵاو بکاتەوە. چەندین جاریان پەلکێشی دەزگا ئیتتیلاعاتییەکان کرد و خستیانە بەر لێکۆڵینەوە و تەنانەت ڕەوانەی زیندانیان کرد، بەڵام ئاگرێک لە هەستی نیشتمانپەروەری کە لە دەروونی ئەو شێرەژنەدا داییسا لەوانە نەبوو کە بەلافاوی ڕق وقینی کۆنەپەرستان بکوژێتەوە و هەرجارەی شێلگیرتر لە جاری پێشتر دەهاتەوە مەیدان و زمان و قەڵەمی بۆ خزمەت بە بڵاوکردنەوەی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەوتنەوە گەڕ. هەر بۆیەش ئەو خانمە هەر لەتەمەنێکی زۆر کەمەوە جێگای خۆی لەنێو کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا کردەوە و چ جێگەوپێگەیەکیش؟

تا ئەو جێگایە کە بۆخۆم بزانم مریەمی قازی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو. بەڵام چەندی بتەوێ بەرامبەر بەمەسەلەی ماف و ئازادییەکانی کورد دەروەست و بەرپرس بوو. هەربۆیەش پێوەندییەکی ڕووحی و ڕەوانیی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی قازی موحەممەدی "مام" یدا هەبوو. ئەو پێوەندییە نەک هەر پێوندییەکی مەعنەوی بەڵکوو پێوەندیی هاوفیکری و هاوکاری بە ڕادەی گونجاویش بوو. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین دەگەڵ هەموو چاوەدێرییەکی دەزگا جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ئەو و کەسانی وەک ئەو هەبوو، لە هاتوچۆیەکانی بۆ هەرێمی کوردستاندا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی دەدیت و تەنانەت دەهاتە سەردانیشیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای دەگەڵ دەکردن.

لەبەر هەمووی ئەمانە ئەمن جوانەمەرگ بوونی مریەم خانمی قازی بە خەسارێکی گەورە بۆ هەموو میللەتی کورد، بەتایبەتی کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان و بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دەزانم.

بەبۆنەی ئەو خەسارە مەزنەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەرێزی کاک مستەفای قازی و تێکڕای بنەماڵەی گەورەی قازییەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان دەکەم.

## پەیام بۆ ڕێوڕەسمی پرسەی ئەنوەرخانی سوڵتانپەنا



**بەشدارانی بەڕێزی مەڕاسیمی بەخاکسپاردن و پرسەی نووسەر و تێکۆشەری گەورەی کورد ئەنوەرخانی سوڵتانپەنا
سڵاوێکی گەرمتان لێبێ!**

**خۆزگە بۆم ڕەخسابایە لەگەڵ ئێوە بەشداری ئەو مەڕاسیمە بم. سەرم لە بەرامبەر گڵکۆکەیدا دانەواندبا، سڵاوی نەمریم بۆ گیانی پاکی ئاشقەکوردستانی ناردبا و ئەمجار بەئەمانەت هەتا ڕۆژی خۆی کە بەئاواتم دوور نەبێ، بە خاکی غەریبایەتیم سپاردبا.**

**تەمەنی درێژ دەگەڵ هەموو کەم و کەسری و ئێش و ئازارەکانی ئەو قازانجەشی هەیە کە زۆر دەرفەتی زێڕین بۆ مرۆڤ دەخوڵقێنێ و لەبەر دەست و لە تەنیشت زۆر بەهرەمەندی گەورەی دادەنیشێنێ. بۆمن یەکێک لە دەرفەتە زێڕینەکانی ژیان ئاشنایەتی دەگەڵ ئەنوەرخانی سوڵتانپەنای ئەدیب و شاعیر و تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر بوو. هەرچەند پێشتر کەم و زۆر یەکترمان دەناسی بەڵام تەنیا لە دەیەی شەستی هەتاویدا بوو کە ئەو شانسەم پەیدا کرد لە نزیکەوە لەخزمەتیدا بم و لە هاونشینی لەگەڵ ئەو مرۆڤە چێژ و لە توانا ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکانی بەهرە وەربگرم. تا دڵت بخوازێ سەنگین و قەڵەمڕەنگین و چەندی بیر بکەیەوە خۆشمەجلیس بوو.**

**شاهیدی هەموو ئەم قسانەم دیوانە شێعرەکەیەتی کە هەمووی حەوتوویەک پێش مەرگی لە چاپ هاتە دەر و بەداخەوە نەگەیشت ئافەرین و دەستخۆشیی خوێنەرانی ببینێ. چاوگێڕانێک بە دیوانە بەنرخەکەیدا بۆمان دەر دەخا**

بەشی: دووهەم

کە ئەو ئینسانە چ بەهرەیەکی لە ئیلهامی شێعری پێبڕاوە و چ توانایەکی لە دەربڕینی ئیلهامی دەروونیدا لە خۆی نیشان داوە. دیوانی "زایەڵەی خەیاڵ"ی ئەنوەرخان لە یەک کاتدا فەرهەنگێکە بۆ ناسینی خەرمانێک لە وشە و زاراوەی ڕەسەنی زمانی کوردی، سەرمەشقێکە بۆ وەفا و ئەخلاق، دینەمۆیەکە بۆ بزواندن و پەروەردەکردنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتماندۆستی و پوختە پانۆڕامایەکە بۆ نیشاندانی هێندێ گۆشەی گرینگی جوگڕافیا و مێژووی کوردی.

ئەنوەرخان هەر لەوکاتەدا گەورەتر لە دەستەبەندی و ناوچەپەرستی بوو. بەجۆرێک کە دیاردەی دزێوی دووبەرەکی و لەتلەتبوونیش نەیتوانی ئەو خەسڵەتە جوانە ئینسانییەی تێدا لاواز بکا. بۆیە دەگەڵ هەموو ئاکامە نیگەتیڤەکانی دیاردەی لێکترازان و دووبەرەکی هەتاسەر پێوەندیی دۆستایەتی و سۆزداریی دەگەڵ هەمووان پاراست.

ئەو ماوەیە کە ئەنوەرخان دەگەڵ دێوەزمەی مەرگ و نەخۆشیی بێئەمان لە ململانەدا بوو، ئەگەر شانسی ئەوەم نەبوو لە نزیکەوە دەگەڵی بدوێم، زۆرجار بە تەلەفۆن قسەمان دەکرد، قەت گوێم لێنەبوو دەردی دڵ بکا یان ترس و نیگەرانی لە مردن لە خۆی نیشان بدا. تا ئاخر ڕۆژەکان هەر بەئومێد بوو، هەر بۆ ئایندەی دەروانی و تەنانەت هەر لە فەزای شێعر و ئەدەبدا دەژیا. هەربۆیە بیرەوەریی ئەو ئاخر ڕۆژانەی ژیانی هەرچەندیش ڕۆژانێکی ناخۆش و خەماوی و تەماوی بوون یەکێک لە نەمرترین یادگارەکانی ژیانمە.

لەم بۆنە خەماوییەدا هەر ئەوەندەم لەدەست دێ سڵاو لەگیانی نەمری ئەو گەورەپیاوەی مەیدانی ئەدەب و خەبات بکەم، بۆ وی بەهەشتی بەرین و باوەشی بەزەیی خوا و بۆ کەسوکار و ئازیزانی و بۆ هەمووی ئێوە بەڕێزان تەمەندرێژی و سڵامەتی و سەرکەوتن بە ئاوات بخوازم. بەئاواتی وەدیهاتنی ئاواتەکانی.دەگەڵ ڕێزی دووبارە

عەبدوڵڵا حەسەنزادە

کوردستان، کۆیە، ٢٣ - ٩ - ١٣٩٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە Serchawe

## بۆ کار چالاکییەکانی ڕەحمان نەقشی



**هاوڕێ و برای خۆشەویستم کاک ڕەحمانی نەقشی**

**دەگەڵ سڵاوی گەرم**

نامەکەت یان وەک نووسیوتە داواکارییەکەتم خوێندەوە. ناتوانم بەدرێژی لەسەر ئەو کارە بەسوود و جوان و هەر لەو کاتەدا تاقەتپڕووکێنەت بنووسم و بدوێم، پتریش لەبەر ئەوەی ئەوکارە پێویستیی بە خوێندنەوەی هەزاران لاپەڕە لە کۆکراوەکانی تۆ هەیە و ئەوەش بۆ من کە هەر لەجێدا بۆ خوێندنەوە کڵۆڵ بووم و ئێستا «ماڵ نەبوو میوانان ڕوویان تێکرد لەوەندیش بوو»، پیری و بێتاقەتییشی هاتۆتە سەر، دەکرێ بڵێم لەتوانا بەدەرە. بەڵام ئەگەر بە کورتە نووسینێک لێم ڕازی بی عەرزت دەکەم:

بێ ئەوەی بۆ خۆت داوات کردبێ و تەنانەت ئاگاشت لێ بووبێ، بەدەیان جار پەسنی ئەو کارە بەنرخەی تۆم داوە و گوتوومە ڕەحمانی نەقشی بە تاقی تەنیا و بەو پەڕی بێ ئیمکاناتییەوە بەقەدەر چەند حیزبی سیاسی بابەت و دیکۆمێنتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و...ی کۆ کردۆتەوە و بەئارشیڤی کردوون.

ئارەزووم بوو بکرایە تەواوی کارەکانی تۆ لە چەندین بەرگ دا چاپ بکرێن و کتێبخانەی هەموو حیزبە کوردییەکان و

بەشی: دووهەم

هەمـوو مێژوونـووس و ڕۆژنـامە نووسـانی کوردیـان پـێ دەوڵەمەنـد بکـرێ. بەڵام ئێسـتا کە بەداخەوە ئەمەمـان بـۆ هەڵناسوورێ، پێشنیار دەکەم هەموویان بەسەر یەکەوە بکرێنە فایلێک یان وەختە بڵێم کتێبخـانەیەکی ئەلەکترۆنی و ئادرەسێکیان بۆ دابنرێ کە هەمـوو ئۆگرێـک و خوێنەرێـک بە دانـی دراوێکـی ڕەمزی(تەنـانەت ئەگەر دەوری دە دۆلار و کەمتـریش بـێ) بتـوانێ داونلۆدیـان بکـا. لـەو بارەیـەوە ئەگـەر لەگـەڵ کـاک سمایلی شـەڕەفی قسـان بکـەی ڕەنگـە بەئاکامێکی باش بگەن.

بەردەوامی و سەرکەوتنی زیاتر بۆ ئاوات دەخوازم.

برات عەبدوڵڵا حەسەن زادە

٢٥ - ٢ - ٢٠١٩

## بروسکەی پیرۆزبایی بەبۆنەی ٢٢ی حاکەلێوە ڕۆژی دامەزرانی یەکێتی لاوانی دێموکرات




**هاوڕێیانی خۆشەویستی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**دەگەڵ سڵاوی گەرم**

بەبۆنەی حەفتاوشەشەمینساڵوەگەڕی دامەزرانی یەکیەتییەکەتانەوە پڕبەدڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم و پێشکەوتنتان لەڕێگای وەدیهێنانی ئاواتەکانی لاوان و لەوەش گشتگیرتر، خزمەت بەئامانجە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان دا بەئاوات دەخوازم.

ئازیزان! نزیک بوونەوەی ڕێکخراوەکەتان لەتەواوکردنی هەشتەمین دەیەی تەمەنی خەباتی خۆی هەر لەوکاتەدا کەشانازییەکی گەورەیە و دەریدەخا کە نەوەکانی پێشووی لاوان بەچ ئیرادەیەکەوە بەرەنگاری کۆسپەکانی سەر ڕێگابوونەوە تا بتوانن ئەو ئاڵایە بپارێزن و بیدەنەدەستی نەوەی ئێستا، ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەرشانی ئێوە.

ئەگەر ئێوە و هاوڕێکانتان لەتەمەنی لاوەتیدان نابێ لەبیرتان بچێ کە ڕێکخراوەکەتان ئەمڕۆ میراتگری پتر لەحەوت دەیە خەبات و حەماسەیە. کەوایە ئێوە دەبێ بەئێنێرژی و هەوڵ و هیممەتی لاوانە بەڵام بەئەزموون و ئاوەزی بەساڵداچووانی کارکوشتەوە بۆ پێگەیاندنی وەچەیەک تێ بکۆشن کە بتوانێ کاروانی ئەو خەباتە پڕخوێن و حەماسەیە بگەیەنێتە دوا قۆناغی سەرکەوتن.

## پەیام بە بۆنەی کۆچی دوایی ماموستا مەلا محەممەد ئیمامی



دیسان کوردستانی ئازیز و بەتایبەتی کۆمەڵگەی زانایانی ئایینی و ڕێبوارانی ڕێگای بەختەوەریی گەلی کورد بۆ لەدەستدانی یەکێک لە باوەڕمەندان و خواپەرستانی بێ ڕیا و تێکۆشەرێکی لە مێژینەی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد، غەم دایگرتن. ڕۆژی چوار شەممەی ڕابردوو، شەشی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی ماموستا مەلا موحەممەدی ئیمامی یان وەک لە کوردەواریدا بەناوبانگ بوو «مەلا موحەممەدی سوورێن» پاش دەیان ساڵ خواپەرستیی ڕاستگۆیانە و خزمەتی زانست و خەباتێکی هەقخوازانە لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا لە شاری سەقز ماڵئاوایی لە کۆڕی بنەماڵە و کۆمەڵگەی ڕووحانیەت و خەباتگێڕانی ڕێگای ماف و ئازادییەکانی کورد و بەگشتی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان کرد و کەلێنێکی گەورەی لە خەباتی فرەڕەهەندی گەلەکەیدا بەجێ هێشت.

ماموستا مەلا موحەممەد بەهەق عالمێکی ڕەببانی و خواپەرستێکی سادق و نیشتمانپەروەرێکی خۆنەویست و خۆشەویست بوو. ئەو ساڵانێکی دوورودرێژ لە چەند گوند وشاری کوردستاندا پێشنوێژ و وتاربێژ و ماموستایەکی شارەزای زانستە ئایینییەکان بوو، هەزاران کەس، ئایینی خواپەرستیی ڕاستوێژانەی لێ فێر بوون و بە سەدان فەقێ و مەلای ئایینی لەسەر دەستی پێگەیشتن. ماموستا هەر لەوکاتەدا نموونەیەک لە ئەخلاق، جوامێری و عەهدو وەفا بوو و بەڕاستی لە هەموو بوارەکانی ژیانێکی ئینسانیدا سێمبوولێکی شیاوی لێ فێربوون بوو.

ئەوەی زیاتر لە هەمووی ئەو خەسڵەتانە ماموستا ئیمامیی پێ دەناسرایەوە، گیانی گەلدۆستی و نیشتمانپەرستی بوو.

بەشی: دووهەم

مامۆستا دەرسی کوردناسی و کوردپەروەری لە دەورانە زێڕنەکەی کۆماری کوردستان و لە ژێر دەستی پێشەوای کورد قازی موحەممەدی نەمر فێر ببوو.

هەرچەند جوانەمەرگبوونی کۆماری کوردستان بۆ مامۆستا وەک لاوێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی ئەو سەردەمە کۆستێکی زۆر گەورە بوو، بەڵام ئەو کۆستە ورەی بەو بەرنەدا و ناهومێدی نەکرد. بەپێچەوانە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو تێکۆشەرە پێشڕەوانەدا بوو کە زۆر زووقۆڵی هیممەتیان بۆ ژیاندنەوە و بووژاندنەوەی حیزبەکەی کۆمار، حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەڵماڵی.

مامۆستا ئیمامی لە دەورانی خەباتی نهێنیدا تێکۆشانێکی شوێندانەری لە خۆی نیشان دا و لە بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی و حیزبایەتیدا نەخشێکی بەرچاوی گێڕا، هەتا لە پاییزی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاویدا دەگەڵ دەیان و سەدان کەس لە تێکۆشەرانی ڕیزی پێشەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانکەوتە بەر پەلاماری بەربڵاوی «ساواک» و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە زینداندا ڕاگیرا. تاریفی باوەڕ و شێلگیری و بیروباوەڕی پتەوی مامۆستا هەر شیرن بوو لە هاوبەند و هاوزنجیرەکانی ببیسی. دەبوو ئەوان بۆت باس بکەن کە ئەوپیاوە چەند خۆڕاگر و بەباوەڕ و چ ئۆلگوو و پاڵپشتێک بۆ هاوبەندەکانی بووە.

وەک زۆرمان دەزانین مامۆستا ئیمامی شاعیرێکی بەتوانا و نیشتمانییش بوو. لەوبارەیەوە یەکێک لە هاوزنجیرەکانی دەیگێڕایەوە کە ئەوکاتەی لە زیندان قەڵەم و کاغەز لە زیندانییەکان قەدەغە کراوە مامۆستا شێعرە نیشتمانییەکانی بە کلکی کەوچکی نانخواردن لەسەر کاشی و لەسەر دیواری سیلوولەکانی زیندان هەڵکۆڵیون و لەو ڕێگایەوە ورە و هیوا بە دواڕۆژی بە هاوەڵەکانی بەخشیوە.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕێژیمی تازەش هەرچەند جێگەوپێگە و هەلومەرجی ژیان ڕێگای بە مامۆستا نەدا هەموو تواناکانی بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی تەرخان بکا، بەڵام هەرگیز لە باوەڕەکانی و لە هەواڵەکانی دانەبڕا و هەمیشە بە غەمی گەل و نیشتمانەکەیەوە ژیا. لە یەک قسەدا مامۆستا تا مابوو بۆ گەلەکەی ژیا و کە مرد بە ئاواتی سەرکەوتنی نەتەوەکەیەوە سەری نایەوە. ڕووحی شاد و ڕێگای ئامانجەکانی پڕ ڕێبوار بێ.
بەو بۆنە غەمناکەوە لە کانگای دڵەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا ئیمامی، لە هاوبیر و

## بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر مامۆستا حەمید حاجی دەروێش



**بنەماڵەی بەڕێزی تێکۆشەری لەمێژینە مامۆستا حەمید دەروێش!**
**مەکتەبی سیاسیی پارتی پێشڤەڕۆ کوردی سووریا!**

**دەگەڵ ڕێز و سڵاو**

زۆر بەداخەوە لە هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەری لەمێژینەی کورد و سکرتێری پارتی پێشڤەڕۆی کوردی سووریا مامۆستا حەمید حاجی دەروێش ئاگادار بووم. خوالێخۆشبوو یەکێک لە ڕێبەرانی دیاری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بوو کە تەمەنێکی دووروودرێژی لە خزمەت بە دۆزی ڕەوای کورد و بەربەرەکانی دەگەڵ ستەمی نەتەوایەتیی بەکاربراو لە لایەن دەسەڵاتی سووریا و هەموو حاکمانی سەر کوردستانی دابەشکراو بەدژی نەتەوەکەمان بەسەر برد و لەوڕێگایەدا هەموو کەندوکۆسپەکانی ئەو ڕێگایەی لە زیندان و دەربەدەری و بێبەشی و کوێرەوەری تاقی کردەوە.

نیزیک بە نیو سەدەیە مامۆستا حەمید لە دوور یان لە نیزیکەوە دەناسم. هەمووکاتێک ڕووحێکی بەرزی نەتەوەیی و پشوودرێژی و شێلگیری و بڕوا بە یەکبوونی مەسەلەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانم لە حەمید دەروێشدا بەدی کردوە و وەک نموونەیەک لە تێکۆشەرانی بەباوەڕی نەتەوەیی کوردم ناسیوە.

بۆیە لەدەستدانی ئەو خەباتگێڕە ناسراوە بە خەسارێک نەک هەر بۆ پارتی پێشڤەڕۆی کورد و بزووتنەوەی کورد لە

